## کتێبی (کورتنووسی له زمانی کوردیدا)

# داهێنانێکی تازه لەبواری زمانی کوردیدا



محەمەد خدر مەولود

ئەم کتێبه (کورتنووسی له زمانی کوردیدا) له نووسینی وشیار بەشیر مستەفا چەلەبییه، ئەوەیان دووەم کتێبی نووسەره لەبواری کورتنووسیدا، کتێبی یەکەمی (بحث متكامل لايجاد طريقة للاختزال باللغة الكوردية لاول مرة) ساڵی ١٩٩٨ لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیری چاپکراوه.

ئەم کتێبەش (کورتنووسی لەزمانی کوردیدا) ساڵی ٢٠٠٩ هەر لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیری چاپکراوه. ناوەڕۆکی ئەم کتێبه له ٢٢٤ لاپەڕه دایه و بەسەر پێنج بەش دابەشکراوه، جگه له چەند بۆچوونێک لەمەڕ کورتنووسی، بەشەکانی کتێبەکه که بەم جۆرەن:

١- پوختەیەکی مێژوویی ئەم زانسته.

٢- دەروازەیەک بۆ زانستی کورتنووسی له زمانی کوردیدا.

٣- رێساکانی پەیوەستکردنی هێماکانی کورتنووسی.

٤- هێماکانی وشەکانی زۆر دووپات دەبنەوه.

٥- راهێنانی کورتنووس و شیکارەکانیان.

نووسەری کتێب (وشیار بەشیر مستەفا چەلەبی) مامۆستایه له پەیمانگای تەکنیکییەکانی هەولێر، وێڕای وانەبێژی وەک نووسەرێک لەبواری زماندا تەکنیکێکی تازه و نوێی بۆ زمانی کوردی داهێناوه، که بەر له خۆی کەسی دیکه ئەم تەکنیکه تازەیەی دانەهێناوه، بایەخی ئەم داهێنانەی مامۆستا (وشیار بەشیر چەلەبی) و ئەم کتێبه بایەخدارەی لەم چەند خاڵانه چڕ دەکەمەوه:

یەکەم: دەوڵەمەندی و زیندوویەتی زمانی کوریدا دەسەلمێنێ... وێڕای ئەو کاریگەرییانه که لەزمانانی دیکەوه بەسەر زمانی کوردیدا زاڵ بوونه، به تایبەتیش زمانی عەرەبی بەهۆی ئایینی ئیسلامەوه، زیاتریش لەبواری رێنووسەوه.

دووەم: تایبەتمەندییەتی زمانی کوردی، که ئەوەشیان هەبوونی تایبەتمەندیەتی کەلتووری نەتەوەیی کوردی دەسەلمێنێ، وەک نووسەری بەڕێزی کتێبەکه مامۆستا وشیار چەلەبی ئاماژەی پێداوه، لەلاپەڕه (٢٠٦-٢٠٩).

سێیەم: بەکارهێنانی کورتنووسی بۆ گەلێ بواری ژیانی رۆژانەی کۆمەڵگادا چ لەبواری کارگێڕیدا بێ یا لەبواری رۆژنامەگەریدا.

لەکاتێکدا کۆمەڵگای کوردی وەک کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو شان بەشانی کۆمەڵگا زیندووەکانی جیهانی له ژیانی رۆژانەیدا پێویستی به تەکنیکی تازه و ئامراز و هێما هەیه تا هەم کات به فیڕۆ نەدات، هەمیش کەم مەسرەفی پێ بکات.

بۆیه وەک نووسەری کتێب باسی لێوەکردووه، دەکرێ بوارەکانی کورتنووسی بەمشێوەیه بۆ ئەم بوارانه بەکاربهێندرێت:

یەکەم: بواری راگەیاندن و رۆژنامەنووسی.

دووەم: بواری دادیاری و دادگاکان.

سێیەم: بواری کارگێڕی و سکرتاریەت.

ئەوەیان ئەو سێ بوارەیه، جگه لەبوارەکانی دیکەی وەک بواری (دیبلۆماسی) و (بازرگانی) که دبلۆماتکاران و بازرگانانیش سوودێکی زۆر لەم تەکنیکه وەردەگرن، کەواته ئەگەر نووسەری بەڕێز مامۆستا (بەشیر چەلەبی) لێم قبووڵ بکات دەکرێ بڵێین کورتنووسی بەشێوەیەکی گشتی بۆ پێنج بواری گرنگی ژیانی رۆژانه بەکاردێت، سەیری لاپەڕه (٢٠٤) ی کتێبەکه بکه.




لەبەشی یەکەمی کتێبەکەیدا نووسەر له پوختەی مێژووی ئەم زانستەدا له بەکارهێنانی کورتنووسی لەزمانی عەرەبی و ئینگلیزی دەدوێت و له شێواز و رێبازەکانی تازەی کورتنووسی لەو زمانانەدا پاشان له مێژووی رێنووسی بەکارهاتوو له نووسینی کوردیدا دەدوێت، پاشان پووخته و ناوەڕۆکی داهێنانەکەی له بەشی دووەم دەخاتەڕوو لاپەڕه (٤٣-٦٨) و له بەشەکانی سێیەم لاپەڕه (٧٣-١٢٥) و چوارەم لاپەڕەم (١٣٧-١٥٧) و پێنجەم لاپەڕه (١٧٣-٢١٠) شرۆڤەی داهێنانەکەی و تەکنیکی کورتنووسی و چۆنیەتی بەکارهێنانی لەزمانی کوردیدا

شیدەکاتەوە و زۆر بەڕێکوپێکی ئەم زانستە بۆ خوێنەران روون دەکاتەوە، بەتایبەتیش بۆ ئەو کەسانەی کە مەبەستیانە ئاشنای ئەم زانستە بن، چونکە ئەم زانستە هونەرییە، هونەرێکە بۆ کەسانی بواری کۆنووسی و رۆژنامەگەری گرنگە و بایەخی خۆی هەیە، هەروا بۆ ئەو قوتابییانەی کە لەوانەکانیاندا هونەری کورتکردنەوە و زاراوەکانی بەکاردێنن، هەمدیس بۆ کۆنووسانی بوارەکانی کارگێڕی و دیبلۆماسی بەمەرجێ ئەوانەی ئەم تەکنیکە تازەی زمان بەکاردێنن دەبێ ئاشنایەتی و شارەزاییەکی باشیان لە زمانی کوردی و رێنووس و پیتەکانیدا هەبێ، چونکە لە هەر هەڵەیەکی بچووکی پیتێک یا هەمزەیەک مانای وشەکە لە کورتنووسی دا دەگۆڕێت.

لە کاتێکدا ئەم سەرنجە بۆ مەشقکارانی ئەم تەکنیکە دەخەینەڕوو، نووسەری کتێب مامۆستا (وشیار بەشیر چەلەبی )وەک شارەزا و پسپۆڕێک لەم بوارەدا دوای هەوڵ و کۆششی زۆری بۆ:

١- لێکۆڵینەوە لە زمانی کوردی و پیتەکانی.

٢- دۆزینەوەی هێمای لەبار بۆیان تا لەبیر مەشقکاردا بچەسپێت و بە ئاسانی فێربێت.

٣- دانانی رێسا بۆ تێکبەستنی هێماکان بۆ نووسینەوەی وشە و رستە.

٤- سوود وەرگرتن لە ئەزموونەکانی پێش خۆی لە زمانانی ئینگلیزی و عەرەبی، ئینجا ئەم داهێنان و ئەفراندنە جوانەی پێشکەش بە کورد کردووە.

ئەم دەستپێشخەری و داهێنانەی مامۆستا (وشیار بەشیر چەلەبی) جگە لە رێزلێنان و دەستخۆشی لێکردن هەق وایە ناوەندە زانستییەکانی کوردستان وەک زانکۆ و ئەکادیمیای زانستی بایەخی زیاتری پێ بدەن، داهێنان و ئەفراندنیش نووسەرانی مەزن و خاوەن ئەزموون و لە خۆبردی و بەخشدار دایدەهێنن.

دەستخۆش (مامۆستا وشیار بەشیر مستەفا چەلەبی) نەخشە لە بەرهەم و کتێبی دیکەتان بێت، سوپاس و پێزانینێکی زۆریش بۆ برای نووسەرم کاک (محەمەد وەسمان) کە هاریکارێکی زۆری پێداچوونەوە و کاری وەرگێڕانی لە کتێبەکەی مامۆستا (وشیار)دا کردووە.

شەبەنگ

# رەزیل



مەحمود زامدار

* عەسرانێکی درەنگی هاوینی ساڵی (١٩٧١) بوو، وەک هەر ژنە رەسەنێکی شار، دایکی (میدیا)ی خێزانی مامۆستام مارف خەزنەدار، لە چیمەنە سەوز و خنجیلانەکەی ناو ماڵ، لە گەڕەکی داودی بەغدا، سەماوەرە زەرد و کتلیە زەردەی سەری جۆشدا بوو، لە پڕ لە دەرگا درا، کردمەوە دوو پیاوی شان پان و دەمبەخەندە پرسیان:

....... لە ماڵەوە

....... بەڵێ

هاتنەژوورەوە و لەگەڵ مامۆستا چاک و چۆنیان کرد دانیشتن، هەر لەو ساتانەدا، ئەوانی بەمن ناساند و منیشی بەئەوان و گوتی: ئەمە مامۆستا (مەنگوڕی) و ئەمەش مامۆستا (کارۆدخی) یە هەر ئەو بە یەکگەیشتنە رێککەوتەش بووە هاکی خۆشەویستییەکی قووڵی نێوانمان، دوای چا خواردنەوە و خەبەر پرسی نێوانیان (کاردۆخی) مامۆستا، پارچە شیعرێکی خۆی دەرهێنا و زۆر بەجوانی خوێندیەوە، لە پاشا دای بەمن تا لە (هاوکاری) رۆژنامە بۆی بڵاوبکەمەوە، بەڵام بەداخەوە لەبەر چەند هۆیەک بڵاو نەکرا، دەشمزانی بۆ نەشمدەزانی و کەوتە نێو ئەرشیفە بەهەرا و پەرپووتەکەمەوە.. لە پاشا کە هەراکەی بێسەروبەری مەلاکانیش قەوما و بۆ سووتاندنی کتێبی (گەشتی مەریخ) و خۆی (مەنجەنیقیان) لە رانیە بۆ دانا و بە ناچاری خۆی دەرباز کرد، هەر لەو ماوەیەشدا بە نهێنی هاتەوە بەغدا و هەمدیس بە رێککەوت لە ماڵی مامۆستا خەزنەدار بینیمەوە، گیانی هەردووکیان هەر لە باڵەشنە دابێ..!؟

دەوڵەمەندێک بوو زۆر زۆر رەزیل بوو بە سندووق لیرەی لەلا بە دیل بوو وارێکەوت رۆژێ کەوتە ناو سیروان بردی و دایپێچا ئاو بەبێ وچان ئەو پیاوە پیسکە مەلە نەزان بوو خنکانی بێشک سووک و ئاسان بوو، بەڵام بۆشانی پیسکەی خاوەن بەخت بۆ رزگاربوونی لە مردنی سەخت مەلەوانێکی بەهێز و توانا وەستا بوو ئەوکات لە گوێی سیروانا خۆی خستە ناو ئاو ئەو مەلەوانە کابرای دەرهێنا، ئازا و مەردانە لە پاشا داوای حەقی خۆی لێکرد نەیهێشت بخنکێ، زوو بە دەستوبرد کەباتی حەقی ئەیوت مەمنوون بووم تۆ نەبویتایە، من لەناو ئەچووم مەلەوان پێی گوت: من پارەم ئەوێ بە مەمنوونی تۆ تێر نابم، شەوێ (١٠٠) فلسی پێدا رەزیل، نە بەدڵ مەلەوان نەیویست بۆی هاتە سەر پل بوو بە هەرا و شەڕ لە گوێی سیروانا خەڵقی پەپابوون بۆ ئەم سەیرانە مەلەوان پەلی پیسکەی گرتبوو بەتانەو تەشەر، ئاو رووی بردبوو، بەڵام مەعلوومە و راستە و بینراوە حەیا لای رەزیل، هەر ناوی ماوە بۆیە هەر ئەیگوت: بمخەیتە سیروان (١٠٠) فلس پتر نادەم بە قورئان.

# حەلاجیات

## کتێبێکی نوێی فەلەکەدین کاکەیی

**فەلەکەدین کاکەیی**
**حلاجیات**
**يقظة متوهجة في حضور الحلاج**
**منشورات اراس- ٢٠١٠**

حەلاجیات- ناوی گۆشەیەکی جێگیری بەرێز (فەلەکەدین کاکەیی) بووە لە ڕۆژنامەی (التأخي) بەزمانی عەرەبی و بە نازناوی حەلاج بڵاویکردوونەتەوە، یا (أ. برشنک) یا بە نازناوی دیکە بابەتی بڵاوکردۆتەوە.، هەر لەگەڵ دەرچوونی ڕۆژنامەی (التأخي) لە ٢٩ ی نیسانی ١٩٦٧ و هەر لە سێیەم ژمارییەوە، فەلەکەدین کاکەیی دەستی بەنووسین کردووە تیایدا و یەکەم گۆشەی(حلاجیات) لە ژمارە (١٥٠) ی پێنجشەممەی ٢٨ی ئەیلولی (١٩٦٧) بڵاوکردۆتەوە و تا ژمارە (٤١٩) ی یەکی تشرینی دووەمی ١٩٦٨.

لەم دەقانەدا، فەلەکەدین کاکەیی بیروبۆچوونە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی خۆی دەربڕیووە بە سوود وەرگرتن و ئیلهام وەرگرتن لە (حەلاج)... حەلاج (٨٥٧-٩٢٢ز) ژیان و تراژیدیای لە سێدارەدان و ڕەهەندە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەم شاعیر و سۆفی و شۆڕشگێڕە مەزنە، سەرەڕای ئەمە لایەنگری هەژار و نەداران بوو پەیوەندی بە بەرهەڵستکارانی سەردەمی خۆی هەبوو لە بزووتنەوەی زنج و قەرامیتەکان، یەکەم کەس بوو خەڵکی هەژاری هاندا دژی دەستەڵاتداران خۆ پێشاندان بکەن لە شەقامەکانی بەغدا.




لەسەر ئەم هەڵوێستانەی لە (٢٦)ی ئاداری ٩٢٢ز شەهید کرا و بوو بە سیمبولی ئازادی و ڕزگاری کۆمەڵایەتی و بەرهەڵستکاری دژی ستەم و زۆرداری دەسەڵاتدارانی دکتاتۆر و ستەمکار نووسینەکانی بۆ دوو سەدە قەدەغەکران.

(مصطفى الشبيبي) سەبارەت دووبارە بایەخدانەوە بە حەلاج دەڵێت: گەورەترین کەسایەتی دەرگای والآکردەوە بۆ بەرگریکردن لە حەلاج شێخ عەبدولقادری گەیلانی (١٠٧٧-١١٦٦) بوو بە وتە بەنرخ و پڕ بەهاکەی کە دەڵێت: حەلاج، ساتمەی کرد و کەس نەبوو دەستی بگرێت، گەر لە ڕۆژگاری ئەودا بوو مایە دەستم دەگرت.

سەرەتای زیندووکردنەوەی حەلاج(دیوان منصور حلاج) بوو کە لە ساڵی ١٨٨٨ز لە هیند بڵاوکرایەوە، یەکەم بابەتی بە زمانی عەرەبی لەبارەی حەلاج نووسرابێت لەلایەن شاعیر و فەیلەسوف (جەمیل سدقی زەهاوی) کوڕی (مەلا ئەحمەدی بابان)بووە کە لە ساڵی ١٩٤٣ لە دیوانەکەی (الاوشال)، لە هەڵبەستی (ثوره الجحيم) باسی حەلاج دەکات وەک سیمبولی ئازادی ڕادەربڕین، هەروەها (قیس لفته مراد) لە ١٩٦٨داو فەلەکەدین کاکەیی لە (حلاجیات) (١٩٦٧-١٩٧٤) بەزمانی عەرەبی لە حەلاج دواون. حەلاج لە شیعر و ئەدەبی کوردیدا جێگەو پێگەی گرنگی هەبووە هەر لە شیعرەکانی (باباتاهیری هەمەدانی) (٩٣٥-١٠١٠)، کە یەکەم شاعیری کوردییە بە نووسراو شیعرەکانی ماون و سەرەتای شیعری کوردییە دوای هاتنی ئیسلام، کە فەلەکەدین لەبارەیەوە دەڵێت: (حەلاجێکی زیندوو بوو) بە واتای ئەوەی سۆفییێکی زیرەک و هەست ناسک بوو، بەرگریکارێکی سەرسەخت بوو لە نەدار و بێبەشکراوان.

چی وایکردووە حەلاج بەزیندوویی بمێنێت یا ناوەناوە لایەنگری بۆ پەیدابن بە درێژایی مێژوو! چۆن بووەتە سەرچاوەی ئیلهامی شیعری و هەڵوێست بۆ شاعیر و سۆفیان، دیارە قوربانیدانی کەسی و کولتوورە پڕ هەست و بەرهەڵستکارییەکەی دژی زۆرداران و ستەمکاران و دۆگمای دەسەڵاتی سیاسی و خراپ بەکارهێنانی ئایین بۆ بەرژەوەندی دەسەڵاتداران و زاڵبوونی بیری تاریک بەسەر هۆشپەسندی و زانست و فەلسەفە بووە.

حەلاج هێمای ڕاپەڕین بوو بۆ بیری ئازاد و ناڕەزایی بوو دژی زۆرداری فەلەکەدین کاکەیی دەنووسێت(وشە و ژیانی حەلاج ڕزگارکەرێکی هزری و گیانی بوو بۆ من لە ماوەیەکی ناسکی ژیانم)، لەو ڕۆژەی چاویکەوتووە بە پوختەیەکی تراژیدیای حەلاج و هزر و بیروبۆچوونەکانی، بیرۆکەی هاوبەشیکردن لە زیندووکردنەوەی کولتووری حەلاجی لا ڕسکاوە، بەمجۆرە لە بیروهۆشیدا ئەم سیمبولەی دۆزیوەتەوە کە یەکگرتنەوەی بیروبۆچوون و دیدگا و تراژیدیای حەلاج لەگەڵ تراژیدیای گەل و نەهامەتی ڕۆڵەکانی گەلی کورد بە بەرهەڵستکاران و گرتن و لە سێدارەدانیان لەوان ڕۆژگاراندا، ئاوێتە بکات لەم کانیاوەوە (حلاجیات) لە دایکبووە.

## (١٣) ساڵە كۆچی دوایی كردووە

# (جەواهیری) شاعیری گەورەی عەرەب دۆستی كورد



١٩٩٧/٧/٢٧ سێزدە ساڵ بەسەر كۆچی دوایی شاعیری گەورەی عێراق و عەرەب (محەمەد مەهدی ئەلجەواهیری) تێپەڕی، ئەم كەڵە مرۆڤ و شاعیرە بە ناسراوترین و دەوڵەمەندترین شاعیری عێراق لەسەدەی بیستەم لە ڕووی بەرهەمی ئەدەبی و شیعریدا هەژمار دەكرێت، تاكە شاعیر بوو كە تا دوا چركەكانی ژیانی ئەدەبی و شیعریدا هەر بەشێوازی كلاسیكی (كێش و سەروا) نووسینی و نەكەوتە ژێر فشاری تەوژمە تازەكەی شیعری عەرەبی كە بە (شیعری ئازاد) ناو زەدكراوە، جەواهیری لە ساڵی ١٩٠٠ لەشاری نەجەف لەخێزانێكی شۆڕشگێڕو ئاین پەروەر چاوی بۆ ژیان هەڵهێناوەو لە قوتابخانە ئایینییەكانی ئەو شارەدا فێری خوێندن و نووسین و زانستە ئایینیەكان بووەو خولیای شیعر دەبێت، ماوەیەك لە ژیاندا وەك مامۆستا لە قوتابخانەكان دەرسی گوتۆتەوە، پاشان تێكەڵ بەدنیای سیاسەت و ململانێ و ركابەری دیكتاتۆرو پیاوانی ڕژێمی بەعس لە عێراق دەبێت و چەند جارێك ئاوارە دەبێ، لەژیانی تێكۆشان و خەباتدا ڕۆڵێكی شۆڕشگێڕانەو سەرگەرمی هەیەو بەشاعیرێكی عێراقی ڕەسەن ناسراوە كە هەمیشە لە سەنگەری بەرگری میللەتەكەی دابووە و دژی زوڵم و زۆرداری تێكۆشاوە، ئەم شاعیرە كوردی خۆشویستووە بەرگری لە دۆزە ڕەواكەی كردووە و بەهەڵوێست و چ بەشیعر شۆڕشی كورد و خەباتی گەلی كوردستانی بەرجەستە كردووە، لایەنگری شۆڕش و سەركردە مەزنەكانی گەلی كوردستان بووەو هەوڵی سەركەوتنی داوە، ئەوەتا لەشیعرێكی دا بەناوی (كوردستان ام موطن الابطال) دەڵێ:



**بۆتان جەلال**

| | |
|---|---|
| قلبي لكردستان يهدى و الفم | ولقد يجود بأصغرية المعدم |
| دمي و ان لم تبق في جسمي دما | غرثي جراح من دمائى تطعم |
| تلكم هدية مستميت مغرم | انا بالمضحي و الضحية مغرم |
| انا صورة الام الجريح اصوغه | كلما عن القلب الجريح يترجم |
| و الرب اهات حياري شرد | راحت علي فم شاعر يترجم |
| ذوبت الامي فكانت قطرة | فى كأس من بنوا الحياة و رمموا |
| وهمت انى فى الصبابة منهم | ولقد يعين على اليقين التوهم |

وەك پارێزگارییەك و وەفادارییەك بۆ ئەو دیاری كڵاوێك لەلایەن سەركردەیەكی كوردەوە پێشكەشی كراوە، (كڵاو)ە كوردییەكەی تا دوارۆژی ژیانی هەر بەسەر بەرزییەوە لەسەری بوو نەیهێنا خوارێ، لەسەر كڵاوەكەشی بەپیتی ئینگلیزی Kurdstan نووسرابوو، دوای كۆچی دواییشی لەهەولێر پەیكەرێكی بەرز و بەهاداریان بۆ ئەم كەڵە شاعیرە گەورەیەی عێراق دروستكرد، كە گوزارشتە لەوەی كوردیش هەڵوێستی پیاوەتی و قارەمانییەتی ئەو لەیاد ناكات، ئەوەندە ماوە بلێین جەواهیری شاعیر هەر تەنها لەشیعر باڵا دەست نەبووە لەبواری ئەدەب و ڕۆژنامەگەریشدا ڕۆڵی دیارە، لەژیانیدا كاری لەچەند ڕۆژنامەیەكدا كردووە لەوانە (الفرات- الانقلاب- الراى العالم)...

هەزار سڵاو لەگیانی بێگەردی شاعیرو ڕۆژنامەنووسی عێراق و ڕۆڵەی بنیادنەری عێراقی فیدڕاڵی نوێ شاعیری گەورەمان (محەمەد مەهدی ئەلجەواهیری) دۆستی كورد و دۆزە نەتەوەییەكەی، هەر بەم بۆنەیەوە لەژێر دروشمی (جەواهیری.. دەنگێكی ڕەسەنی ڕۆشنبیری نیشتمانی عێراقی) لەسەرەتای مانگی ئابی ئەمساڵ لەشاری بەغدا پایتەختی عێراقی فیدڕاڵ میهرەجانێكی شایستە بۆ ئەم شاعیرە مەزنە بەسەر پەرشتی یەكێتی گشتی نووسەرانی عێراقی ساز دەكرێت و دوو ڕۆژ دەخایەنێت، تیایدا چەند كۆڕێكی شیعر خوێندنەوە و دانیشتنی ڕەخنەو توێژینەوە سەبارەت بەشیعرو ژیانی جەواهیری ئەنجام دەدرێت.

**سەرچاوە:**

www.moheet.com

# یادێکی مەولانا خالیدی نەقشبەندی



کابان عەبدولکەریم شێخ عەلی*

ڕێبازی نەقشبەندی ئێستا لە کوردستاندا ڕێبازێکی دیاری سۆفیگەرییەو پێگەیەکی گرنگی لە مێژووی نوێی کوردستان و ناوچەکەدا هەیە، بۆیە ئاشنابوون بە سەرەتاکانی و چۆنیەتی بڵاوبوونەوەی لە کوردستان و دەوروبەریدا دەخوازێ ئاگاداری ژیاننامەی مەولانا خالید بین کە ناوی تەواوی مەولانا خالیدی کوڕی ئەحمەدی کوڕی حوسێنە لە تیرەی میکایلەی خێڵی جافە لە ساڵی ١٧٧٩ز لە گوندی زەردیاوای قەرەداغی سەر بە قەڵاچوالان لە دایکبووە، لەبەرئەوەی لەسەردەمی ئەودا خوێندنی فەقێیاتی و لەسەر دەستی زانای زۆر بەرزو بەناوبانگ خوێندوویەتی و شارەزایی لە زانستەکانی شەرعی وەرگرتووە، چەند شارو ناوچەی کردووە بۆ بەدەستهێنانی زانستی شەرعی و لە سلێمانیش لەسەر دەستی (شێخ ئیبراهیم بیارەو شێخ عەبدولڕەحیمی بەرزنجی) و زۆرانی دی خوێندوویەتی، پاشان هەر لە سلێمانی دەستی کردووە بە وانە گوتنەوەو لە ساڵی ١٨٠٩ز گەشتێک دەکات بۆ (هیند) لەوێ لەسەر دەستی (شا عەبدوڵڵا دەهلەوی) تەریقەتی نەقشبەندی و ئادابی تەریقەت و مۆڵەتی خەلافەت وەردەگرێ و نازناوی دەبێتە مەولانا خالیدی نەقشبەندی، ئینجا مەولانا خالید لە هیندستان دەگەڕێتەوە.

لەکاتی گەڕانەوەی بە ئێراندا دێتەوەو لەوێ بۆ یەکەمجار دەستدەکات بە بڵاوکردنەوەی تەریقەتی نەقشبەندی و لە شاری سنە مامۆستای خۆی (شێخ قەسیمی مەردۆخی) دەبێتە موریدی مەولانا ئینجا لە ساڵی ١٨١١ز دەگاتە سلێمانی و لەوێوە دووبارە دەستدەکات بە بڵاوکردنەوەی ڕێبازی نەقشبەندی و خەڵکێکی زۆر ڕووی تێدەکەن و لە هەموو ناوچەکانی کوردستان خەڵکی دەچنە سەر ڕێبازی (نەقشبەندییەت) و لەبەرئەوەی ئەوکات بابانەکان فەرمانڕەوابوون، بۆیە نازناوی (سەرۆکی زانایانی) پێدەبەخشن و مەحمود پاشای بابان خانەقایەکی گەورەی بۆ دروست دەکا کە تا ئێستاش لە سلێمانی ماوە ئەویش (تەکیەی خالیدیەیە) و ژمارەیەکی زۆر لە دەسەڵاتداران دەچنە سەر ڕێبازی نەقشبەندی و ئینجا پەیڕەوانی ئەم ڕێبازە لە کوردستان بەرە بەرە زیاد دەبن.

بەڵام لەبەرئەوەی مەولانا خالید تووشی چەند کێشەو گرفت دەبێ بۆیە بڕیار دەدا بۆ هەمیشە سلێمانی بەجێبهێڵێ، بەڵام جێگری خۆی لەوێ بەجێدەهێڵێ، مەولانا خالید لە ساڵی ١٨٢٠ز بەرەو بەغدا بەڕێ دەکەوێ، چونکە لە بەغدا تەکیەی خۆی هەبوو کە پێی دەگوترا (تەکیەی خالیدی) و چەندەها موریدی هەبوو لەوێ، واتە لە بەغدا، مەولانا لە بەغدا ڕێزێکی زۆری لێدەگیرێ لەلایەن فەرمانڕەوای ئەوکات خزمەتی زۆری بۆ دەکرێ و چەندین جار لەلایەن فەرمانڕەوایانی سلێمانی داوای لێدەکرا کەوا بگەڕێتەوە سلێمانی، بەڵام مەولانا ڕەتی کردەوەو نەگەڕاوە.

مەولانا خالید بۆ بەردەوامبوون لە بڵاوکردنەوەی ڕێبازەکەی یەکێک لە مریدەکان بەناوی (شێخ ئەحمەد هەولێری) دەنێرێتە شام و فەرمانی پێدەدا کەوا ڕێبازی نەقشبەندی بڵاوبکاتەوە، ئینجا لەوێ لە شام (شێخ ئەحمەدی هەولێری) دەستدەکات بە بڵاوکردنەوەی ڕێبازەکە و باسی مەولانا خالید نەقشبەندی دەکا بۆ خەڵکی شام بۆیە دەسەڵاتداران و خەڵکی شام داوا دەکەن کەوا شێخ بێتە شام، مەولاناش لەسەر داواکاری ئەوان دەچێتە شام و بەیەکجاری لەوێ نیشتەجێ دەبێ و خەڵکی شام، زۆر ڕێزی دەگرن و خزمەتی دەکەن و گوێڕایەڵی دەبن مەولانا خالیدیش تەریقەی نەقشبەندی بڵاودەکاتەوە و خەلیفەکانی خۆی لەسەر مزگەوتەکانی شام دابەش دەکات و پەیڕەوانی تەریقەتی نەقشبەندی بەرەو زۆربوون دەچن، مەولانا خالیدی نەقشبەندی لەساڵی ١٨٢٦ز بەرەو ماڵی خوا بەڕێ دەکەوێ و حەج دەکا، پاشان دەگەڕێتەوە شام و لەساڵی ١٨٢٧ز بەهۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی (طاعون) مەولانا طاعون دەگرێ و کۆچی دوایی دەکا، ئینجا کاربەدەستانی شام و موریدەکانی و خەڵکی شام ڕێوڕەسمێکی ناشتنی زۆر گەورە و شایستەی بۆ سازدەکەن و تەرمەکەی لەچیای قاسیونی دیمەشق لەسوریا دەنێژن، مەولانا لەدوای خۆی چەند بەرهەمێکی زۆر بەپێزی بەجێهێشت لەوانە کتێبی عەقیدەی ئیمان و دیوانی ڕوحی مەولانا خالید.

جێی ئاماژەیە کە دوای کۆچی مەولانا ڕێبازی نەقشبەندییەت لەسەرتاسەری ناوچەکەدا گەشەی کردو پەرەی سەند، لایەنگرانی ڕۆڵێکی بەرچاویان هەم لە گەشەدان بەزانست و فێربوون و هەم لە بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردیدا بینی.

*** مامۆستای زانکۆ**

# پرۆڤەی مەرگ، لە بەرزایی ٣٦ هەزار پێوە



حەمە فەریق حەسەن - سلێمانی

## بەشی دووەم

لە نێو فڕۆکەکەدا ڕێبوار هەبوو دەپاڕایەوە فڕۆکەکە بکەوێتە سەر زەوی! کە دەتپرسی بۆ؟ دەیگوت: (ئاخر ئەگەر بکەوینە نێو دەریاوە ماسی دەمانخوات و لاشەکەمان نادۆزرێتەوە)، وەلێ ئەگەر فڕۆکەکە بکەوێتە سەر زەوی ئەوا یەکسەر گڕدەگرێت و هەموومان بەجارێک دەسووتێین.

دواجار فڕۆکە بە سەلامەتی نیشتەوە و بوو بە چەپلەڕێزان: ئەو هەموو ئەمبولانس و پۆلیس و ئۆتۆمبێلی ئاگرڤەمراندنەیش چواردەوریان دابووین. بە پەلە پەیژەیەکیان پێوەنا. من لەوانە بووم کە زوو لەنێو فڕۆکەکە دەرهاتم. لە یەکەم ئەفسەری پۆلیس کە بەرەوڕووم هات پرسی: من لەکوێم؟ ئەو لەوەڵامدا وتی: تۆ لە وارشۆی!

تۆ هەروا سەرنج بدە، ئێمە بە نیازی سلێمانی سواربووین، کەچی لە وارشۆ نیشتینەوە! وەلێ ئەوەی بەخەیاڵماندا نەهاتبێت ئەوە بوو، ڕێمان بکەوێتە ئەم وڵاتە.

هەناسەیەکی قووڵم هەڵمژی. ئەوجا بەچەندین ڕاڕەودا ڕەتبووین، چێکی پاسپۆرتەکانیان کردین و ڤیزەی مانەوەی وارشۆیان بۆ کردین. پاشان ئێمەیان لە کافیتریایەکدا گلدایەوە. برسی و تینوو، دواتر هەندێک ئاو و چپسیان بۆ هێنایین. پاش چەند سەعاتێک گفتوگۆ و تووڕەبوونی ئەو هەموو سەرنشینە ئۆقرەلێبڕاوانە ئەوجا ئێمەیان بەرەوڕووی ئوتێلی (مەریوت) کردەوە کە ئوتێلێکی پێنج ئەستێرەی نایاب بوو. لەگەڵ فڕۆکەخانەکەدا هەر شەقامێکیان نێوان بوو. هەموو کارمەندەکانی زمانی ئینگلیزییان دەزانی.

لەوێ تەواوی سەرەنشینەکان لەگەڵ یەکدا بووین بە ئاشنا. نۆ ڕێبوار ئێزدی بوون و ژمارەیاک خەڵکی سلێمانی و ...هتد.

بووکێکی تێدابوو هاتبووەوە بە دوای کوڕە دەستگیرانەکەیدا، تاکو لەگەڵ خۆیدا بۆ ئەورووپای بەرێت. بوورایەوە و چەند کەسێک خەریکی بەئاگاهێنانەوەی بوون.

پیاوێکی بەتەمەنی تورکمان، لەگەڵ داکەوتنی فڕۆکەکەو بەربوونەوەی و ماسکەکاندا، لە حەوت ساڵان ڕاستبووەوە، چەند پێشخزمەتێک پێوەی خەریک بوون تا هێنایانەوە هۆش خۆی. بڕایەکی مەندائیشی تێدابوو. بە کورتی نێو فڕۆکەکە عێراقێکی بچکۆلەی بێ عارەب بوو.

هەموو خزمەتگوزارەکان عارەب بوون لە یەکێکانم پرسی کە بە ورە دیاربوو: بەڕاست کێشەی ئەم فڕۆکەیە چییە؟ ئەو وتی: جامی پێشی فڕۆکەکە درزی بردووە!

لەم دەمەدا فڕۆکەی لێقەوماو لە سووڕانەوەدا بوو. هەر سووڕێک و سەدان مەتر دادەبەزی. ئیدی کار گەیشتە ئەوەی خۆی بۆ نیشتنەوە ئامادەبکات. واتە وەک خۆی ئاماژەیٔ پێدابوو دوای نزیکەی پەنجا خولەک لە لێقەومان ئەوجا توانی بنیشێتەوە. لەو ماوەیەدا ئیدی ئێمە دڵمان لە مستماندا بوو. ئومێدبڕاو نەماندەزانی داخۆ دەکەوێتە سەر زەوی، گڕی تێبەردەبێ و هەلاهەلا دەبێت، یان دەکەوێتە نێو دەریاوەو دەبینە خۆراکی ماسی و دوای ماوەیەک لەنێو ساکی پلاستیکی ڕەشدا ئێسک و پروسکمان دەگەیێننەوە وڵاتی سوێد و دانیمارک؟

بە کچەکەمم گوت: (مەترسێ ئەوەتا هیچکام لە پێشخزمەتەکان دەمامکیان نەبەستووە. پێدەچێ ئەم دەمامکەیان هەر بۆ ئەوە بێت بێدەنگمان بکەن. ئەوەتا من دەمامکم نەبەستووە و ئاساییش هەناسە دەدەم.) یەک لەباری خۆم دەترسام، ئەم قسەیەم هەر بۆ ئارامکردنەوەی کچەکەم بوو. چونکە ئەگەر جامی فڕۆکەکە لێبووەوە، خەڵک چلۆن دەتوانێ هەوای دەرەوە هەڵبمژێت؟!

لەم تافەدا پێشخزمەتەکان بەپەلە بەنێو ڕیزەکاندا دەگەڕان و داوایان لێ دەکردین دەمامک بکەین. ئەوانەی ترس تووشی شڵەژانی کردبوون، خۆیان یارمەتییان دەدان. پیرێکی کەرکووکی وەک خوێنی لووتی بەربووبێت، لووتی بەرز ڕاگرتبوو پێشخزمەتێک بەردەوام خەریکی بوو، پێدەچوو بەتەواوی ڕووخابێت. ئەوان بەردەوام داوایان دەکرد پشتوێن ببەستین و لە دەمامکەکانەوە هەناسە بدەین. دەمامکە بێخاوەنەکان، بە بۆرییە ڕوونە پلاستیکییەکانەوە لە فەزای نێو فڕۆکەکەدا لەیەک دەئاڵان و دەلەرینەوە.

هەندێک منداڵ بە دایک و بابیان زەوت نەدەکران. بەژێر ڕایەڵی ماسکدا فڕکوهووڕیان بوو. یان کەسوکاریان لە تاو خۆیان نەیاندەپەرژایە سەریان. لە هەناسەیەکدا کەتۆ خەون بە وڵاتی خۆت و شادبوون بە دیداری ئازیزانتەوە دەبینی، کەچی قەدەر بۆسەیەکی ترسناکی بۆ ناویتەوە و بەرەوڕووی مەرگ دەتبات. سەرنج بدە تۆ لەنێو بۆرییەکی فافۆندایت باڵەکانی پڕن لە بەنزین و لە بەرزایی سی و شەش هەزار پێوە بەردەبییەوە. دەبێت ئەو فڕۆکەیە چ گڕو کڵپەیەکی لێوە بڵند ببێت، چ گرمەیەکی لێ هەڵبسێت وەختایێ بەر عەرد دەکەوێت! بەتایبەت بۆ فڕۆکەیەکی گەورەوی بۆینگ. لەوەیش سەرم سووڕمابوو، بۆچی بۆ ٤٧ سەرنشین بۆینگێک هەڵدەفڕێنن؟ خۆ کاتژمێر ١,٣٠ فڕۆکەیەکی دیکەی ڤیکینگ بۆ هەمان شار فڕی. سەرەتا نوقوڵیان بۆ منداڵان هێنا ئەوجا لەسەر سینییەک بۆ گەورە ساڵانیشیان هێنا. خواردنیش برنج و ماسی و مریشک بوو. هەر دوای ئەوەی پاشماوەی خواردنەکە کۆکرایەوە بە چارەکێک، ئیدی ئەم پێشهاتە نەخوازراوە ڕوویدا. ئەگەر لەودەمەدا کە لێمانقەوما خواردنەکە لە پێشمان بوایە، بێگومان هەمووی تێکەڵ دەبوو.. لە ئوتێل مەریوت. پیاوێکی کەرکووکی کە لەنێوەندی تەمەندا بوو. کتێبێکی دوعای بە ناوی (إن ربی لسمیع الدعاء) پێبوو. ئەم نزایەی لای خوارەوەی بە هەریەکێک لە سەرنشینە موسوڵمانەکان نووسییەوە. (اللهم لا سهل إلا ما جعلته سهلا، وانت تجعل الحزن إذا شئت سهلا.. اللهم صلی علی سیدنا محمد..) بڕوا وابوو کە ئەو نزایە فریامان دەکەوێت و لەم تەنگانەیە ڕزگارمان دەکات..

فڕۆکەوانەکان دووان بوون. یەکێکیان کاپتن بوو، بە تەمەن و فرانسی بوو. ئەوی دیکەیان لە نێوەڕاستی تەمەنیدا بوو، ئیسپانی بوو. بە فرانسییەکەم گوت: تۆ کەسێکی ئازایت! گوتی: مەبەستت چییە؟ گوتم: تۆ بە سەلامەتی ئێمەت گەیاندە وارشۆ! ئەو گوتی: نا، ئەوە ئاساییەو کاری خۆمە.!

## کچە بێژەر ئاسوودە عەبدوڵڵا زادە:

# ڕاگەیاندنی ئێمە هەندێ جار ڕاگەیاندنێکی نەخۆشە

*** ڕادیۆکان تاچەند ڕۆڵیان بینیوە لەهۆشیار کردنەوەی تاکەکان؟**

- من پێیم وایە زۆربەی ئەوانەی ئەمڕۆ لەکەناڵە ئاسمانی ونێوخۆییەکان کاردەکەن و ئەوانەشی بەرپرسی دەزگا ڕاگەیاندنەکانن باکگراوەندە ڕۆشنبیریەکەیان لە هاوڕێیەتی بەرنامەکان سەرچاوەی گرتووە.بۆیە دەتوانم بڵێم ڕادیۆ تائاستێکی زۆرباش ڕۆڵی بینیوە لە وشیارکردنەوەی تاکەکان .من بەشانازییەوە ئەوە دەڵێم : زۆربەی هاوڕێیانی بەرنامە سەرەتاییەکانم وەکو (سۆزی شەو، شیلەی بەیان) ئێستا بەسەردەزگاڕاگەیاندن و ڕۆژنامەکان دا دابەش بوونە و بوونەتە کەسی دیار لەڕاگەیاندنەکانی شاری هەولێر وڕۆژنامەنووسی سەرکەوتوو و خوێندنگایەکیش بۆ ئەوانەی ئێستا.

*** بەهۆی زۆربوونی ڕۆژنامە و گۆڤار و ڕاگەیاندنەکان ،ڕادیۆ تاچەند بایەخی جارانی ماوە؟**

- چونکە رادیۆ بەبێ لەدەرگەدان دەچێتە هەمووماڵێک و لەئێستادا لەنێو ئۆتۆمبێل ومۆبایل و لەهەرشوێنی بتەوێ هەیە بۆیە هەرگیز کاریگەری ڕادیۆ کەم نابێتەوە و وەک خۆی دەمێنێتەوە، سەیرکە و کاربکەو گوێشبگرە، لەهەرشوێنی دەتەوی ڕادیۆ هاوڕێتە.

*** هەست ناکەن ڕادیۆکان بەشێکی زۆر لەبەرنامەکانیان وەکو یەکن لەڕووی ناوەڕۆکەوە؟**

- بێگومان من زۆر جاردەڵێم ڕاگەیاندنی ئێمە راگەیاندنێکی نەخۆشە ،بۆ؟چونکە ئێمە بەبێ ئەوەی هەستبکەین هەمان شتی دوێنێ بەبێ کاری گۆڕان دووبارەدەکەینەوە.

من بەرنامەی بەیانیانی ئاسوودەم هەیە، کەبەرنامەیەکی رۆشنبیری کۆمەڵایەتییە. لەشەممە تاکو پێنجشەممە لە (دەنگی هەولێر، ڕادیۆی مەڵبەندی سێ) پێشکەش دەکرێت. ڕەنگە بەیانی بەرنامەیەکی لەم چەشنە بەهەمان ناوەوە لەدەزگایەکی دیکە پێشکەش بکرێت. بەبێ ئەوەی بزانن (بەیانیانی ئاسوودە) مەبەست لەناوەکەی منە، نەک شتگەلی دیکە و بەڵگەم هەیە لەسەربوونی.

جگەلەوەش تاکو ئێستا بێژەرانی زۆربەی ڕادیۆکان هەمووجۆرە بەرنامەیەک دەکەن بێئەوەی خۆیان بناسن و شارەزابن لە بوارەکە.



ئاسوودە عەبدوڵڵا زادە لە شارۆچکەی چۆمان لەدایک بووە، بۆ ماوەی (١٣) ساڵە لە راگەیاندن کار دەکات، بەهۆی بەرنامەکانی (جیهانی چرۆکان، گوڵەکانی نەورۆز، شیلەی بەیان، سپێدەی نەورۆز، بەیانیانی ئاسوودە) ئاشنایی زۆری لەگەڵ بیسەران پەیداکردووە. خاوەنی بەرهەمەکانی گوڵەخوازراوەکان (شیعر)، گوڵەکانی ئاسوودە (چیرۆک بۆ منداڵان)، هەنسکەکانی من وهەناسەکانی تۆ (شیعر) جگە لەوە سەرپەرشتی گروپی شانۆی (گوڵەکانی ئاسوودە) دەکات لە بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیریی منداڵ. لەم گۆڤارانە کاری کردوە (هەنگ، مێرگی منداڵێن، ژیکەڵە، شەنگ، باڵەک، شادان). زیاتر لە(٧) شیعرو ئاوازی بۆ منداڵان کراون بەگۆرانی، بۆماوەی (٨)ساڵ لەڕادیۆی (نەورۆز) کاری کردووە. یەکێک بووە لەو کەسانەی پارساڵ خەڵاتی (بەهرەمەندی) وەک کەسێکی چالاک پێبەخشرا.

**ئا: سەباح شێخانی**

هەواڵ و گۆرانی داواکراو لەیەک کاتدا پیشکەش دەکەن، بۆ نابێت ئێمەش وەکو ڕاگەیاندنە جیهانییەکان تایبەتمەندبین لەبواریک و خۆمانی بۆتەرخان بکەین؟
من چەندەهاجار کێشەم بووە لەگەل بەرپرسی ڕادیۆکان کەدەنگی من بۆ هەواڵ و سیاسەت ناشێت، چونکە من خۆم دەناسم.

*** ئایا زۆری ژمارەی دەزگاڕاگەیاندنەکان لەشاری هەولێر بوونەتەهۆی شکاندنی تینوویەتی دانیشتووانەکەی بەبەراوردلەگەڵ ڕێژەکەی؟**

– بێگومان نەخێر.چون ئاستی تێگەیشتنی دانیشتوانەکەی ڕۆژبەڕۆژ بەرەوپێشەوەدەچێت ژمارەی دەزگاکانیش لەزۆربووندایە کەچی لەئێستا ڕاگەیاندنی ئێمە ڕاگەیاندنێکی نەخۆشە. ئەویش بەهۆی مانەوەی لەچوارچێوەی خۆی و بەئەکادیمی نەکردنی و زاڵکردنی کەسانی نەشیاو. ئەوەبەتەنیا راگەیاندنی هەولێریش ناگرێتەوە بەڵکو بەشی زۆری ڕادیۆ و(tv)ەکان وای دەبینم.



ڕاگەیاندنی کوردی هەرگیز بیر لە بەیانی ناکاتەوە

*** تاچەندلەگەڵ ئەوڕایەدایت کە ڕاگەیاندن پەیوەندی بەبڕوانامەوە هەیە؟**

– ڕاگەیاندنکاران پزیشک وئەندازیارنین تابەبڕوانامە کاربکەن، چونکە زۆرن کەبڕوانامەی ڕاگەیاندنیان هەیە، بەڵام هیچ لەڕاگەیاندن نازانن،بەپێچەوانەشەوە،هەیە دەرچووی کۆلێژی دیکەیە بەڵام سەرکەوتووانە کارلەڕاگەیاندنەکان دەکات .دیار ە زانکۆ وپەیمانگاکان کاری باشیان پێشکەشکردووە لەبەئەکادیمی کردنی خوێندکار وقوتابیان.

*** ڕاگەیاندنی کوردی تاچەند بایەخیان بە بواری منداڵان داوەو خزمەتی ئەوانی کردووە؟**

– ئاخر گەر بڵێم ئەو نەخۆشیە ڕۆحی هەمووومانی تەنیووە، ڕەنگە بپرسن بۆچی ئاوا ڕەشبینی؟ راگەیاندنی کوردی هەرگیز بیر لەبەیانی ناکاتەوە و بۆ ئایندە ناکۆشێ. من ماوەی(١٣) ساڵە لەهەر سێ بواری منداڵان بینراو بیسرا وخوێندراو کار دەکەم، هەست دەکەم جگە لەپڕکردنەوەی کات ڕاگەیاندنەکان مەبەستێکی دیکەیان نییە لەبوونی بەرنامەکانیان، بۆیە بەداخەوەم، تۆ سەیرکە لە هەرکەناڵێک ماوەی چەند کاتژمێری بۆ منداڵان دیاریکراوە. تێڕوانینی ئێمە بۆ نەوەکانی ئایندە تێڕوانینێکی هەڵەیە، بۆیە ئاڕاستەی پەروەردەییشمان بەوجۆرەیە.

## عیشق و شیعر

**تەحسین ساڵەیی**



*گەر دەمزانی عیشق و شیعر هەردوو تەواوکەری یەکەن*
*عیشقم لەسێدارە ئەداو شیعرش لە خاچ*
*بە شیوەن و هاوارەوە ئەکەوتمەڕێ*
*شیعرم پێشکەش بە عیشق دەکرد*
*گەر دەمزانی رۆژێکیش دێ...*
*شیعر قوربانی عیشق ئەکرێ*
*نەمدەهێڵا شیعرەکەشم لە دایک بێ*
*چی بکەم شیعرلە دایک ئەبێ...*
*لەگەڵ عیشقا فەنا ئەکرێ*
*زۆر پێم خۆشە یەکێ بێت و لێم بپرسی ....*
*بڵێ کامیانت خۆشەوێ.. عیشق یان شیعر .....!*
*بڕوابکەن ..سەرپای عیشق قوربانی شیعردەکەم....*
*دەزانن بۆ... شیعر دەبێ عیشق بێ ....*
*گەر بێت و عیشقش نەبێ... ماڵی شیعر وێران ئەبێ*
*نازانم چی لەم دوو ناپاک زادە بکەم*
*کامیان قوربانی کامیان بکەم.....!*

هێنا 13

# گیان و (دۆنا و دۆن) کردن



حەمە کەریم هەورامی

* لە پێشەوە ئاماژەمان بەوەدا کەلای میللەتان ئەو بیروڕایە چەسپا (کەگوا هەر مرۆڤێک تۆ بیگری لە دوو شت پێکهاتووە: گیان-جەستە) ئەو بیرۆکەیە تا ئێستاش لە ناو کەلتووری میللەتاندا ئامادەگی هەیە و بووە بە بەشێک لە میسیۆلۆژیای، کەچی لێکۆڵینەوەکانی ئەم دوایە لە بواری سایکۆلۆژیا و مرۆڤناسیدا دوو فلیقانەی پێکهاتەی مرۆڤی دوورخستەوە و پەیوەندی دەروون و لەشی کردە پەیوەندییەکی میکانیزمی لەیەک دانەبڕاو کە لێرەدا باسلێوەکردنی شوێنی نابێتەوە. لەوساوە کە باوەڕهاتە سەر ئەوە کەگیان لەکاتی مردندا لە جەستە جیا دەبێتەوە، ئەو فیکرەیە هزری ئادەمزادی لەو ئاقارەدا وێڵ و سەرگەردان کرد و خستیە سەر خولیای پرسیار و سۆراخکردن، کە ئایا گیان دوای جیابوونەوەی لە لەش بۆ کوێ دەچێ؟ لەکوێوە هاتووە تا بۆی بگەڕێتەوە، لەوێ چی دەکات و چی لێ دێ؟ ئایا لەو تاوانانە کە لەگەڵ جەستەدا کردیان ئەو لێیان بەرپرسیار دەبێ یان نا؟ چەندین پرسیاری لەوجۆرە لەناو مێشکی مرۆڤدا پەرت دەبن، هەر پرسیارێک لەو پرسیارانەش دەرگای چەندین کوێرەڕێی بۆ هێنانەوەی وەرامەکانیان کردووەتەوە، سۆراخکردنی وەرام لەو کوێرەڕێیانەدا هزری مرۆڤیان تووشی گلاندن و وێڵ بوون کردووە، چەند هزری مرۆڤ لەو ئاقارەدا بەشوێن وەرامدا گەڕان و سووڕانی کردبێ لە کۆتاییدا هەر بەدەست بەتاڵی گەڕاوەتەوە.

* ئەوانەی وەرامیان بۆ ئەو پرسیارانە لە خۆراسازدا، بیروڕای جۆراوجۆریان لەسەر بنیات نا. هەندێ چوونەتە سەر ئەو باوەڕە کە گیان لە کوێوە هاتووە دەگەڕێتەوە ئەو شوێنە، بەرپرسیاری هەندێ یان هەموو ئەو کەتن و تاوانانە کە لەماوەی بوونی لەناو جەستەدا کران دەخرێنە سەری و بەرپرسیارە، هەندێکی دیکە وای بۆ دەچن کە لە جەستە هاتەدەرەوە بەبەر جەستەیەکی دیکەدا دەکرێتەوە، واتە لە تەنێکەوە بۆ تەنێکی دیکە دەگوزێرێتەوە، هەروەها هەتا هەتایە تەناوتەن دەکات و لەکار ناکەوێ، هەندێ پێیان وایە ئەگەر ئەو گیانە لەبەر جەستەی کەسێکی ڕەوشت پاکدا بوو کە هاتە دەرەوە بەبەر جەستەیەکی پاکتردا دەکرێتەوە، بە پێچەوانەشەوە، واتە گیان لە جەستەیەکی باشەوە بۆ جەستەیەکی باشتر خۆی دەگوێزێتەوە تا دەگاتە مەرتەبەیەکی باڵای وەها کە لەبارەگای یەزدانەوە نزیک بێ تا لە ناویدا دەتوێتەوە، بە پێچەوانەشەوە گیانی ناوجەستەی خراپ بەرەو خراپە ڕەو دەکات تا دەگاتە ئەهریمەن، لەمەوە فیکرەی (تەناسخ) هاتووەتە ئاراوە.

* (ئەهلی حەق) ڕێبازێکە سوڵتان ئیسحاقی بەرزنجی دایمەزراندووە، ئەوان پێیان وایە بۆ ئەوەی گیانی مرۆڤ پاک بێتەوە و گوناحی لەسەر نەمێنێ و بە (حەق) بگات کە خوایە، دەبێ ئەو گیانە بە چەند قۆناخێکدا گوزەر بکات، واتە (دوناودون) بکات، واتە لە جەستەیەکەوە بۆ جەستەیەکی دیکە (دۆناودۆن) بکات، بەم پێیە بێ دەبێ (جەستەی هەر کەسێک وەکو کەندووێک یان وەکو دەرخۆنەیەک وەهابێ) واتە جەستە دەفرێکی بەتاڵ و بۆشە تا گیان نەچێتە ناوی نابێ بە کەسی زیندوو بەو بۆچوونەی خۆیان گوتووە (دۆناودۆن) وەک بڵێ گیان لە کوندەیەکەوە بۆ کوندەیەکی دیکە دەگوێزرێتەوە لەهەر گوازستنەوەیەکدا دەورێکی دیکە دەبینێ جیا لەو دەورەی کە لە جەستەی پێشودا بینی، لە ماوەی گوازستنەوەکانیدا سزا و پاداشت لەسەر خراپە و چاکەکانی دەبینێ لە کۆتاییدا بە پاکی دەگاتە بارەگای یەزدان کە لەوێ جێگەی چاکە و خراپە نییە.

* ئەهلی حەق پێیان وایە لەناو جەستەی هەر مرۆڤێکدا (گرێک) یان (تروسکێکی) خوایی هەیە، گیان کە هەست بەو تروسکایە دەکات بە پەسەندەی-ئیختیاری- خۆی دەچێتە ناوی.

* ئەوانەی کە بەرپرسیاری کەتنەو تاوانەکانی مرۆڤ دەخەنە سەر ئەستۆی گیانی مرۆڤ بەو (دۆناودۆن) گیان لە گوناحەکانی پاک دەبێتەوە.

* ڕێبازی ئەهلی(حەق) ڕێبازێکی ئایینییە و تایبەتە بە هەندێ لە هۆزەکانی کوردەوە، کە دەکەونە ئەمبەر و ئەو بەری ڕووباری سیروان کە لە جەلەولاوە تا شاری کرماشان درێژەی هەیە، گەلێ شاعیری گەورەیان لێ هەڵکەوتووە وەکو باباتاهیری هەمەدانی و سەی یاقۆ..

کتێبی پیرۆزی ئەهلی حەق(کەلامی خەزانە) ی سوڵتان ئیسحاقە کە (سەر ئەنجام و یارسان) دەگرێتەوە.

# کورتیله چیرۆک

## هەرجارە و پیتێک

## پیتی «لام» «ل»



نیاز شەناغەیی

# پەشیمانی

لەو لەحزەی «لەعلی» خێزانی، «لوقمان»ی وا لە ماڕێ خۆیتیان لە«لهیێبان» لەرزو تای لێیە وا لە بن لێفێیەو «لوقمانیشی» لە کن نییە، ئەوە لەلایەکی، لەلایەکی دی «لەعلی» حەملی هەیە، لەسەر مانگ و ڕۆژی خۆیەتی، لەسەر دەگ دەگە منداری ببی، بەینەکیشە لایەکی لاقی لە تەقەلۆ هاتیتە دەرێ سووتایە!

لەلایەکی کەش خەفەتێ لە «لوقمان»ی دەخوا! «لوقمان» لە تامی بردیتە دەرێ، لەو گۆڕەی خۆی لە «لەعلی» ناگەینی، خۆی لێ هاوێشتیتە ملان! لە بەلاش و حەلاش لێی لە ڕک ڕاچووە، گەلەک لاملیشە، لەوەتی «لەعلی» لاقی سووتایە، ئاگای لە ماڕێ بڕایە.

«لەعلی» قەلەندەرو بەستەزمانیش لەوەی زیاتر تەحەمولی لێ دەبڕێ و لە «لوقمان» بێزار دەبی!! هەر دەستی بەشەلە شەل لەگەر «لایەقە»ی کیژی عەمر چار ساران ماڕێ لۆ «لوقمان»ی چۆڵ دەکات.

# ئایا پەتای گەندەڵی ڕۆشنبیرانیشی پێکا؟!



**فوئاد محەمەدئەمین سەراج**
**-سلێمانی-**

## بەشی یەکەم

لەسەردەمانی زووەوە کەناوی ڕۆشنبیرو روناکبیرو ئەدیب و شاعیر و نووسەر دەهات، خەڵکی بەچاوێکی ڕێزو خۆشەویست و پیرۆز لێیان دەڕوانی و جێگایەکی شکۆو شیاوو گەشاوەی بۆ دائەنرا، لە راستیدا لەمێژووی بزاڤی ڕۆشنبیری و هەڵوێست و تێکۆشانی سەرجەم ئەو منەوەرانە چ شاعیر و سیاسەتمەدارو نووسەرانەی، پێشومان سەرنج بدەین ئەو راستیەمان بەرچاو دەکەوێت، کە ئەوانە چۆن بە وشەوکردار و بەهەڵوێستی شۆڕشگێڕانەو ئەدەبی بەرگری ماندوونەناسانە ژیانی کولەمەرگی و برسێتی و زیندان و راونان و پێشمەرگایەتی و دوورخستنەوەیان و تا ئاوداهانی باڵای تەمەنیان لەو کەسایەتییە دەگمەنانە بوون لەبواری خزمەت و هۆشیاری و وریایی گەلەکەیانداو هەمیشە رابەرو مەشخەڵی رووناکی و دڕی تاریکی بوون، هاوکار و هاوبەشی ئیش و ئازاری جەماوەری ڕەش و رووتی نیشتمانەکەیان بوون، پشکی کرداری ئەمانە بوونە ئاوێنەی ئەو گیانی خەبات و شۆڕشگێڕو بۆ نەوەکانی دوایی خۆیان، بەڵام بەداخەوە لە ساتەوەختێکی وادایین خەریکە شتەکان پێچەوانە دەبنەوە و بەجۆرێکی کە سەر هەڵدەدەنەوە کەمایەی، نیگەرانییە، ئێمە میللەتێکی ژێر دەستەوتینوی سەربەخۆیی و ئازادین، لە روانگەی ئەو گۆڕانکاری و پێشهاتەکانەوە چەند شتێکمان بەهەڵە وەرگرت یان پەیڕەومانکرد یاخود تیامانا سەریهەڵداو و گوزەرەی کرد، ئەگەرچی ئەوەش بەدوای راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ەوە لەلایەن خەڵکانێکی نەفس نزم و پاتاڵ کە دوایی بەهێزی راوە رووت R.R ناسران ئەمانە سڵیان لەهیچ دابونەریتێکی کۆمەڵایەتی و لەهیچ یاساو پیرۆزیێک نە ئەکردەوە و تاڵانیان کردە پیشە و سەروت و سامانی ئەم وڵاتەیان دەفرۆشت و ئاودیویان دەکرد، کاتێکیش حوکومەتی هەرێم پێکهات ئەو هێزانە نەمان و گۆڕبەگۆڕبوون، بەس ڕەگی ئەو کردەوەی ئەوان وەکو ڤایروس نەقڵ بوو بۆ جەستەی فەرمانگەو ئیدارەکانی سیستەمی وڵات. بووە دیاردەیەکی گەندەڵی بەرچاوو بووە پەتایەکی کوشندەو ناڕەزایی جەماوەری لێکەوتەوە لە پەخشی راگەیاندن و میدیاکانەوە بەزەقی و بەڕوونی قسەی لەسەر دەکرا و هەتا ئەمڕۆش هەر قسەی لەسەر دەکرێت، چونکە ئەمە ڕۆچۆنە نێو ناخی کۆمەڵگاکەمانەوە و لەلای کەسمان ئەم دیاردەیە شاراوەنییە، بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ زیاتر ئازارمان ئەدات ئەو دیاردەیە، کە سەریهەڵداوەو لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکان بەگەرمی بڵاودەکرێنەوە، پەتایەکی سەخت و ناجۆرو سەرەتانێکی جەستەی هەر توێژە گرنگەکەی کۆمەڵگایە کە ناسراوە بە توێژی ڕۆشنبیران، ڕۆشنبیرانی سەرقافڵەی گەل و نەتەوە، باشە خوانەخواستە ئێمەی ڕۆشنبیرو نووسەر تووشی ئەم پەتایی ئەنفلوزایی گەندەڵییە ببین دەبێ ئەم میللەتە قوڕی کوێ بە سەرخۆیدا بکات، ئێ میللەتێ خاوەن قەڵەمەکانی بگاتە ئەو ئاستەی سڵ لەپیرۆزی بەهای هزروقەڵەم و بەرهەمەکانی نەکاتەوە دەبێ خۆی بەچی بزانێ؟! دەبێ چ جیاوازییێکی هەبێ لەگەڵ گیرفانبڕێکی نێوبازاڕدا، ئایا ئەرکی ئەو ڕۆشنبیرانە خۆی لە خزمەتکردن و داهێنان فرەبەخشی هونەر ئەدەب و هۆشیارکردنەوەی نەوەکانی سەردەما بناسرێتەوە یان خەریکی گیرفان پڕکردن و دزی و شەوکوتی ڕۆژبردنە سەری (های لایڤانە) بن ئەو کەسانەی کەناویان هاتووە و لەنێو ئەو وتارو بڵاوکراوانەدا باسکراون کەسی بزرو نادیدەنین مرۆڤ حەیف دەخوات کە کەسانی شۆڕەسواری نێو ئەدەبەکەمان ئەو ڤایرۆسەی وەرگرتبێ و تووشی ئەو پەتای گەندەڵییە بووبوون یان دیارە رازین بەو ژیانەی کەئەمڕۆ بۆیان هاتۆتە بەردەست لەپێناو کەیف و سەفای خودی خۆیاندا ئەوا رابوێرن تەنیا ئەوەش لێکنەدەنەوە کە ئەو پارەو سەرمایەی لەبەردەمیانا ڕۆکراوە کە موڵکی میللەتێکی بەشخورای و مافخوراوە.



**عەبدولکەریم مستەفا-دهوک**

## چەند نهێنیەک

*دەمەکە...*
*ل وەلاتی عەشقی ئاکنجی بویم*
*ل شەڤێن تاری*
*بیرهاتن ویادگاری*
*دبنە گێلەشوک*
*دگەل شەرەنیخا هزرا دژیم*
*روندکێن بی گونەهیی*
*ژچاڤێن پرنهێنی*
*دبنە هویر بارانەک*
*ل سەر دێمی خەموکی*
*هورک هورک دباریت*
*دەمەکە...*
*دگەل دینێن ڤی باژێری*
*ل بەر دیوارا...ل کولانا*
*دمینم*
*نەشێم!*
*کەسی تێبگەهینم*
*لڤی وەلاتی...*
*عەشق نەپەیامە،نەباوەریە*
*عەشق گونەهباریە*
*ئەڤە چەند نهێنی یەکن*
*دکویراتیا دلی مندا*
*نەشێم بێژم:*
*ئەز عاشقم!!!*
*ماشوقا من کچەک کوردە*
*پرشرین و نازو رندە*
*مە بهەڤرا سوزەک دایە*
*یان...*
*ڤیان وپێکڤە ژیان*
*یان ژی...*
*خوگوریکرن ونەمان*

ئامادەکردنی: رۆژگار فازڵ

## ژ چاپکریێت نو ل کوردستانا روژهەلات

# پەرتوکا (فرهنگ کتب و نشریات کوردستان)

**وصفی حسن/دهوک**

ل دوماهیا سالا ٢٠٠٩ پەرتوکەکا هێژا ل شارێیسنە ل کوردستانا روژهەلات هاتە چاپکرن و بەلافکرن ئەوژی پەرتوکا (فرهنگ کتب و نشریات کوردستان) پەرتوکا ناڤبری (بیبلوگرافیا) وان گوتار و پەرتوک و ڤەکولینایە یێت ب زمانی فارسی و کوردی ل نافبەرا سالێت ١٧٨٧ تاکو ٢٠٠٩ بەلافبوی ب خوڤەدگریت.

پەرتوکا ناڤبری قەبارە (٤٢٥) لاپەرەیە و ژلایی دەزگەهی وەشانخانا (انتشارات کالج) ل شاری سنە دەرکەفتی یە، پەرتوکا (فرهنگ کتب و نشریات کوردستان) ژلایی هێژا (شەهاب خزری) هاتیە بەرهەفکرن کو بەحسا (٧٥٩٠) ژێدەرا کریە. نڤیسکار (شەها خزری) کارەکی باش کریە کو زوربەیا پەرتوک و گوتارێت ل کوردستانا عیراقی و ئیرانی ب زمانی کوردی چاپ بوین و وی هەمی کرینە فارسی، هەروەسا وی سەیدای چاپکریێت فارسی یێت ل دور کوردان هاتینە نڤیسین وی ئەوژی پێش چاف کرینە، دەست خوشیی ل سەیدا شەهاب خزری دکەین بو ڤی بیبلوگرافیا فراوان و پر ماندیبون، جهی ئاماژێ یە سەیدا شەهاب خزری هێشتا پەرتوک ب زمانی فارسی چاپکرینە مینا ڤان پەرتوکێت خاری،

×واژەهای قران، ١٩٤٤ سنە.

×فرهنگ گیاهان دارویی (فەرهەنگا گیا و دەرمان) .. ب قەبارە (٦٥٤) لاپەرەیە چاپا یەکی سالا ٢٠٠٤ – چاپا ×دووی سالا ٢٠٠٨

×فرهنگ گیاهان دارویی کوردستان (فەرهەنگی گیا و دەرمانی کوردستان)، سنە چاپا یەکی سالا ٢٠٠٥. ×پەرتوکەکا فراوانە و باسی هەمی گیایێت کوردستانێدکەتوکا هەر گیایەک بو چ نەساخی باشە، دگەل وینی (٢٨٨) گیا و چاوانیا ب کارئینانا وانا

×فرهنگ نامها وشخیصیت ها (فەرهەنگی کەسایەتیەکان) ... سنە چاپا یەکی سالا ٢٠٠٤ چاپا دووی سالا ٢٠٠٩.




# کتێبی (فیزیاء الجسد)ی د.فازڵ جاف، رەواجێکی زۆر

**فرمێسک-ئەڵمانیا**

کتێبی (فیزیا ء الجسد) لە نووسینی د.فازل جاف، یەکێکبوو لەو کتێبانەی کە چاپخانەی نێونەتەوەی کتێب لە کوێت زۆرترین داواکاری لەسەربوو، هەروەها یەکێک بوو لەو کتێبانەی کە پێش کۆتایی هاتنی رۆژانی پێشانگاکە، تەواوی ژمارەکەی لێ فرۆشراو هیچی لێ نەمایەوە، کتێبی (فیزیا ء الجسد) لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیری ئیماراتی عەرەبی و بەڕیوەبەرایەتی (الشاریقە)وە بە چاپ گەیاندراوە، ئەم بەڕێوەبەرایەتییە خاوەن پێگەیەکە لەگەورەترین دەزگاکانی چاپ و بلاوکردنەوەی کتێبە کە بایەخ بە هونەر و ئەدەب دەدات، گەورەترین ئەندازەی کتێبی چاپکراو دەربارەی شانۆ لەوێ چاپ دەکرێت، بەرپرسی بەشی دەزگای چاپ وپەخشی (الشارقە)، لە پێشانگای نێودەوڵەتی کوێت فازڵ حوسین، سەبارەت بەچاپەمەنییەکانی وڵاتی ئیماڕات گوتی: وڵاتی ئیماڕات بۆ بیست و پێنج ساڵە بەشداری پێشانگەی نێودەوڵەتی کتێب دەکات لە کوێت، لەسەرجەمی ئەو کتێبانەی کە ئیماڕات بەشداری پێکردوون، ئەمساڵ نزیکەی نۆ کتێب لە هەموویان زیاتر داواکاری لەسەر بوو، یەکێک لەو کتێبانەی کە بە پلەی یەکەم داواکاری لەسەر بوو و فرۆشرا کتێبی (فیزیاءالجسد)ی دکتۆر (فازل جافە)، کەسەرجەمی کتێبەکە لە پێشانگەکەدا فرۆشرا، (فیزیاء الجسد)، کتێبێکە دەربارەی رێباز و قوتابخانەی بیومیکانیک، کەیەکێکە لە قوتابخانە گرنگەکانی نواندن و دەرهێنان لەشانۆدا،




دامەزرێنەری ئەم رێبازە دەرهێنەری جیهانی فسیگولود میرهولدە، ئەم کتێبە لە بنەڕەتدا تێزی دکتۆراکەی دکتۆر (فازل جاف)ە، بە یەکەم کتێب دەژمێردرێت کەبەزمانی عەرەبی سەبارەت بە قوتابخانەی شانۆیی بلاوکرابێتەوەو وەرگێڕان نەبێت، فیزیاء الجسد، ئێستا یەکێکە لەسەرچاوە سەرەکییەکانی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی شانۆ لە وڵاتی عەرەبیدا، لەبەر بایەخی خۆی لەماوەیەکی کورتدا کتێبەکە لە بازاڕدا نەماوەو هەربۆیە بەم زوانە چاپی دووەمی لەلایەن دەزگای چاپ و پەخشی (المدی) بلاودەکرێتەوە، هیوای سەرکەوتن و بەردەوامی بۆ د.فازل جاف، دەخوازین، جێگای شانازی میللەتی خۆیەتی کە کەڵە هونەرمەندێک بتوانێ بەهونەرەکەی نوێنەرایەتی میللەتی خۆی بکات، چ لە ئەورووپا یا وڵاتانی ئاسیا بێت.

هەروەها لەو چالاکیانەی لەم ساڵی رابردوو دا کە د. فازل جاف، پێیان هەستاوە، خولێکی راهێنان بۆ قوتابیانی بەشی دەرهێنان لەپەیمانگای بالای هونەری لە ریاز لە وڵاتی مەغریب، دەرهێنانی شانۆگەرییەک بۆ قوتابیانی پەیمانگا، هەروەها گێڕانی دوو موحازەرە لە هەردوو دانیشگای ئۆپسالا و مالمۆ لە سویدا.

# ئەمریکا و کوردستان، لەبواری کلتووری هاوکاردەبن



**ئا: کاروان کاکەیی**

وەزیری رۆشنبیری و لاوان د. کاوە مەحموود شاکر پێشوازی لە ئەلێکس لاسکاریس، سەرۆکی نووسینگەی باڵوێزخانەی ولایەتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە عێراق و دێڵ پرنس، سەرۆکی بەشی دیبلۆماتی گشتی تیمی ئاوەدانکردنەوەی هەرێمی کوردستان کرد، لە دانیشتنەکەدا وەزیری رۆشنبیری و لاوان باسێکی کورتی سەبارەت بە کارەکانی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان کرد و گوتی ئێمە وەزارەتی رۆشنبیری و لاوانی کوردستان بایەخ بەکلتووری هەموو پێکهاتەکانی کوردستان دەدەین لە هەوڵی بوژاندنەوەی ژێرخانی کلتووری و رۆشنبیرین و بایەخ بە کلتووری رەسەن دەدەین بۆ ئەوەی بتوانین لەگەڵ سەردەمی نوێدا بیگونجێنین و لەناو نەچێت، وەبەشێکی کارەکانمان ئەوەیە کە کارەکانمان تەنها لە پارێزگاکاندا نەبێت بۆ ئەوەی شوێنەکانی دیکە بێبەش نەکەین لە چالاکی رۆشنبیری، شاندی میوان زۆر سوپاسی وەزیری رۆشنبیری و لاوانیان کرد بۆ ئەو هاوکاری کردنەیان لەگەل ئەمریکان ڤۆیس، کە بۆ ماوەی چوار ساڵە لە کوردستان راهێنانی منداڵانی کورد و عێراقی لەئەستۆ دەگرێت، لە کۆتایدا بەڵێنی هاوکاری زیاتریاندا هەردوو لا پێیان وابوو پەیوەندی کلتووری دەبێتە هۆی دۆستایەتی نێوان گەلان.

## لە کۆڕێکدا رێز لە هونەرمەندی خۆشنووس (نەوزاد کۆیی) گیرا

لە هۆڵی (سەنتەری گەشەپێدانی لاوان) بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە رۆشنبیران و هونەرمەندانی کوردستان، کۆمەڵەی خۆشنووسان وەک بەردەوامبوون لە چالاکییەکانیان خەڵاتی رێزلێنانیان دا بە نووسەر و هونەرمەندی بەتوانای کورد (نەوزاد محەمەد عەلی) کە ناسراوە بە نەوزاد کۆیی، سەرەتای کۆڕەکە بە چەند سوورەتێکی قورئانی پیرۆز لە لایەن خۆشنووس (یەحیا زێڕینگر) دەستپێکرد، دواتر کۆڕگێڕ (زیاد محەمەد) ژیان و چالاکییەکانی نەوزادی خۆشنوس خوێندەوەو دواتر خۆشنووسان و هونەرمەندان چەند وتەیەکیان لە بارەی نەوزاد پێشکەشکرد و تیشکیان خستەسەر هونەری خۆشنووسی، پاشان رێز لە هونەرمەند گیراو خەڵاتی رێزلێنانیان پێشکەش بە هونەرمەند کرد، ئەویش بەم بۆنەیەوە سوپاسی خودای مەزنی کرد و سوپاسی ئامادەبووانی کرد، بەمشێوەیە کۆتایی بە مەڕاسیمەکە هات.

**ئا: شوان غەمبار**



## (شانگۆ ریۆ) کونسولی کۆریا بەوەکالەت سەردانی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوانی کرد



بەمەبەستی پتەوکردنی پەیوەندیە کلتوری و رۆشنبیریەکان، (شانگۆ ریۆ) کونسولی کۆریا بەوەکالەت لەلایەن بەرێوەبەری گشتی کارگێری و دارایی بەڕێز (شاکر رۆژبەیانی) پێشوازی لێکرا، بۆ پەرەپێدانی پەیوەندیەکان لەنێوان وەزارەتی رۆشنبیر و لاوان و کونسولگەری کۆریا، لەرێگای (کۆریا فاندەنیشن) بەمەبەستی ئەنجامدانی کاری هونەری لەکۆریای باشور کەساڵانە بەرنامەی تایبەتیان هەیە لەبواری (مێژوویی، شێوەکار، سینەما، درامای تەلەفزیۆنی، شیعر)، لەدانیشتنەکەدا هەردوولا هاوڕابوون لەسەر پەرەپێدانی پەیوەندییەکان، چونکە کورد گەلی کۆریا بەدۆستی نزیکی خۆی دەزانێت.